# The Effect of The Idea Nomination Strategy on Developing Pivotal Thinking Skills Among Eighth Grade Students in History

**Azhi Hama Qazi**
Department of Social Sciences- College of Basic Education- Sulaimai University- ( Sulaimani)-Kurdistan Region-Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.23*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The aim of this research is to find out the effect of the idea nomination strategy on developing pivotal thinking skills among eighth grade students in History. The research method is the experimental method by taking two groups of students. The study population consists of eighth grade students for the academic year (2023-2024). The sample was taken purposively in the Margaret Educational Community in the Sulaymaniyah Governorate Center, which consists of (30) students. After conducting a random parity, grade (A) was chosen as the control group and grade (B) as the experimental group. To achieve the goal of the study, a scale for the development of Pivotal thinking skills, which consists of (40) items. The validity of Cronbach's alpha was found by presenting the scale to experts in the fields of teaching methods, psychology, and History. Then construct validity was found. Reliability was found by means of the statistical coefficient (Cronbach's alpha), which is (0.89) and then the discriminatory power of the items was found and it was found that all the items have the discriminatory ability. After applying the scale to the two groups in the pre- and post-tests and after using the statistical program (SPSS), it was found that:*

*1- There is a statistically significant difference at the significance level (0.05) between the arithmetic mean of the experimental group and the control group in favor of the experimental group in the post-test.*

*2-There is a statistically significant difference at the significance level (0.05) between the arithmetic mean of the pre-test and the post-test in the experimental group in favor of the post-test.*

*3-There is no statistically significant difference between the arithmetic mean of the pre- and post-test in the control group.*

*At the end of the study, it was found that the idea nomination strategy is effective and one of the most important strategies, and therefore we recommend the use of this strategy by history teachers, especially eighth grade teachers.*

*In addition, we suggest that this strategy should be used in different ways and for other stages of education by researchers.*

***Keywords**: strategy for idea nomination - pivotal thinking skills - History*

# کاریگەریی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو

د. ئەزی حمە قاضي
azhi.qazi@unvisul.edu.iq
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی سلێمانی (سلێمانی)، هەرێمی کوردستانی/عێراق

پوختەی توێژینەوەکە
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی کاریگەریی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکانە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو. میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی ئەزموونی بە وەرگرتنی دوو گروپ لە خوێندکار، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ز. نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی پەروەردەی مارگرێت دەستنیشانکرا لە ناوەندی شاری سلێمانی، کە پێکهات لە (٣٠) خوێندکار، پاش ئەنجامدانی ڕێککارەکانی هاوتاکردن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پۆلی (أ) بە کۆنترۆڵکرا و پۆلی (ب) بە گروپی ئەزموونگەری هەڵبژێردران. بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە پێوەرێک ئامادەکرا بۆ کارامەییەکانی بیرکردنەوەیی تەوەرەیی، کە پێکهات لە (٤٠) برگە و بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستی ڕواڵەتی، خرایەبەردەم پسپۆران لە بوارەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەرونزانی، مێژوو. پاشان ڕاستی بونیاتی دۆزرایەوە، دواتر نەگۆڕی پێوەرەکە لە ڕێگای هاوکۆلکەی ئاماری (ئەلفاکرۆنباخ) دۆزرایەوە، کە بەهاکەی بریتی بوو لە (٠،٨٩). دواتر هێزی جیاکاری برگەکان دۆزرایەوە و دەرکەوت سەرجەم برگەکان توانای جیاوازی کردنیان هەیە. پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی و دوای بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت:
١-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندیی گروپی ئەزموونگەری لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.
٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونگەری لە بەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی پاشەکی.
٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو.

لە کۆتـایی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، سـتراتیژی بژاردەی بیرۆکەکـان کـارایە و یەکێکە لە سـتراتیژە گرنگەکان، بۆیە هەوڵبدرێت لە لایەن مامۆسـتایانی بابەتی مێژوو بەکاربهێنرێت، بە تایبەتی مامۆسـتایانی قۆناغی هەشـتەمی بنەڕەتی. جگە لەوەی توێژەر پێشـنیازدەکات، کە ئەم ستراتیژە بە شێوەی جیاواز و بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن لە لایەن توێژەرانەوە بەکاربهێنرێت. کلیلی وشـەکان (سـتراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان- کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی- مێژوو)

## بەشی یەکەم
## ناساندنی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە:

بابەتی مێژوو لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، بە تایبەتی قۆناغی هەشـتەم، یەکێکە لەو بابەتانەی، کە پێویسـتە، وەک وانەیەکی گرنگ و کاریگەر سـەیربکرێت و کار لەسـەر وتنەوەی بکرێت بەشـێوەیەکی کارا، کە خوێندکار ڕابهێنرێت، بۆئەوەی گەشـە بە توانا جیاجیاکانی بدرێت و توانای تێگەیشتنی لە چەمک و زاراوەکان و بیرۆکە سەرەکیەکانی بابەتەکە هەبێت. لەبەرئەوەی لە ئەنجامی فراوانبوونی هەمە جۆری زانیاری زانسـتی لە هەموو لقەکانی هەر کایەکی زانسـیدا ئاسـان نیە، خوێندکار لە هەر پسـۆڕییەکدا توانای گێڕانەوەی هەموو بابەت و ناونیشـان و بۆچوونە سەرەکی و لاوەکییەکان و ڕاستیەکان و بەڵگە و ڕووداوە مێژووییەکانی هەبێت (نزال: ٢٠١٥، ١١). ئەگەرچی لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی لە ئێستادا پرۆسەی وانەوتنەوەی باو و کلاسـیکیە و گرنگی بە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی کارامەییە هزرییەکان نادرێت، ناتوانێت شـانبەشـانی مەعریفە و زانیاریە جۆراوجۆرەکان لەم سـەردەمەدا بڕوات.(موسـەوی و ئەوانیتر: ٢٠١٦، ٦٢١)، ئەم گرفتەش تەنها لە پرۆسـەی وتنەوەی یەک بابەتی خوێندندا بەدی ناکرێت، بەڵکو کۆی بابەتە جیاوازەکانی خوێندنی گرتۆتەوە، لە نێویاندا بابەتی مێژوو. لەسـەر ئاسـتی کوردستانیش لە ئەنجامی ئەو سەردان و بەسەرکردنەوانەی کە توێژەر بۆ زۆرێک لە کۆمەڵگە پەروەردەییەکان ئەنجامی دەدا، بە مەبەسـتی پێشـکەشـکردنی سـیمناری زانسـتی و کۆڕ و کۆبونەوە ئەکادیمیەکان، پاش وتوێژ و گفتوگۆی فراوانی نێوان توێژەر و بەڕێوەبەران لە لایەک و مامۆسـتایانی پسپۆڕی بابەتەکە لە لایەکی تر، زۆرینەیان ئاماژەیان بەوە دەکرد، بەشـێک لە خوێندکاران گرفتیان لە بەگەڕخسـتنی توانا هزرییەکان و پرۆسـەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لە بابەتە مرۆییەکان بە گشـتی و بابەتی مێژوو بەتایبەتی هەیە. لەم سـۆنگەیەشـەوە توێژەر هەسـتی بەبوونی ئەم گرفتەکرد، بۆیە کێشـەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگای ئەم پرسـیارە سـەرەکیەوە وەڵام دەدرێتەوە (کاریگەریی سـتراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە گەشـەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو؟)

گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردە و فێرکردن لە ئێستادا وا دەخوازێت، کار لەسەر ئەوە بکرێت، کە خوێندکار چۆن بیربکاتەوە و چۆن فێرببێت، تاوەکو توانای فێربوونی خودی بەردەوام بێت و هاوشانی گۆڕانکارییە مەعریفیەکان بڕوات، بۆیە ئەگەر بمانەوێت خوێندکار توانای بیرکردنەوەی باش بێت، پێویستە فێری کارامەییەکانی بیرکردنەوە بکرێت لە ڕێگای چەند هەنگاوێک کە بگونجێت لەگەڵ قۆناغی گەشەسەندن و توانا هزرییەکان و فێربوونەوە (موسەوی و ئەوانیتر: ٢٠١٦، ٦٢١)، ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان یەکێکە لە ستراتیژە کاراکانی بواری فێرکردن، کە کار لەسەر ورووژاندی هزری خوێندکاران دەکات. لەم بارەیەوە (حمودي:٢٠١٨) پێیوایە، کە ستراتیژەکە ڕۆڵێکی گرنگ لە هاندان و ئاراستەکردنی خوێندکار و گەشەپێدانی بیرۆکەکان و خستنەڕووی بیرۆکەی نوێ دەگێڕێت، بەجۆرێک کە تیایدا خوێندکار سەنتەرە (حمودي:٢٠١٨، ٢١١٦). هەروەها (حسین: ٢٠٢٠) پێیوایە، یەکێکە لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاک، کە هانی خوێندکار دەدات بۆ خستنەڕووی بۆچوونەکانیان بە ئازادانە و بەرهەمهێنانی بۆچوونی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو لە بابەتێکی دیاریکراودا، بە ئامانجی ورووژاندنی پاڵنەر و ئاگایی خوێندکار بۆ بابەتی خوێندن (حسین: ٢٠٢٠، ٧٧٣). بەشێوەیەکی گشتی گرنگی توێژینەوەکە بریتیە لە:

لەڕووی تیۆریەوە:

١- گرنگە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە وەک دەزگا و ناوەندێکی ئەکادیمی بەشدار و هاوکارە لە گەشەپێدانی توێژینەوەی زانستی خستنەگەڕی توانا مرۆییەکان لەم بوارەدا.

٢- گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە توێژینەوەکە کار لەسەر قۆناغێکی گرنگی خوێندن لە بازنەیەکی هەستیاری خوێندندا دەکات و ئاستی خوێندکاران لەم قۆناغە دەستنیشاندەکات.

٣- گرنگە بۆ مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی، لەبەرئەوەی هاوکارە لە پێدانی زانیاری لەبارەی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکاکان و هەنگاوەکان و کاتی جێبەجێکردنی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

٤- گرنگە بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەی و بەڕێوەبەرانی خوێندگە بنەڕەتیەکان، چونکە توێژینەوەکە زانیاری تەواو دەخاتە بەردەستیان لەبارەی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکاکان و هەنگاوەکان و کاتی جێبەجێکردنی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

٥- گرنگە بۆ توێژەران و کتێبخانەی کوردی، چونکە توێژینەوەکە هاوکارە بە خستنەبەردەستی زانیاری تەواو لەبارەی یەکێک لە ستراتیژە گرنگ و کاراکانی بواری فێربوون و فێرکردن.

لەڕووی پراکتیکییەوە:

١- گرنگە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە میانی ئەنجامەکانیەوە، ئەگەر ئەرێنی بوو، ئەوە دەتوانرێت ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی وەزارەتەکەدا بەکاربهێنرێت.
٢- گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەنجامەکانی ئەرێنی بوو، دەتوانرێت، ستراتیژەکە بخرێتە بواری کارکردن لە ناوەندە زانستیەکانیدا.
٣- گرنگە بۆ مامۆستایانی بابەتی مێژووی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی، چونکە سودی دەبێت لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوەی بابەتەکەدا.
٤- گرنگە بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەی و بەڕێوەبەرانی خوێندگە بنەڕەتیەکان، لەبەرئەوەی دەتوانن سود لە هەنگاوە کرداریەکانی ستراتیژەکە وەربگرن و چاودێری جێبەجێکردنی بن.
٥- گرنگە بۆ توێژەرانی داهاتووو لەبەرئەوەی دەتوانن سود لە هەنگاوە پراکتیکییەکانی توێژینەوەکە وەربگرنو وەک توێژینەوەیەکی ڕابردوو.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:
١- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا.
٢- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.
٣- زانینی کاریگەریی وانەوتنەوە بە ڕێگای ئاسایی لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

گریمانەکانی توێژینەوەکە:

گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:
١- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری، کە بابەتەکە دەخوێنن بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاسای دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.
٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری، کە بابەتەکە بە ستراتیژیی بژاردەی بیرۆکەکان دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاسـای دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە بریتیە لە:

- سنوری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

- سنوری بابەت: سێ بەشی کۆتای بەشی مێژوو لە پەرتوکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لاپەڕە (٥٦-١٠٤)، چاپی یەکەم (٢٠٢٢)ز کە دەرچوە لە وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان.

- سنوری کات: وەرزی یەکەمی خوێندن ساڵی خوێندن (٢٠٢٣- ٢٠٢٤)ز.

-سنوری شوێن: کۆمەڵگەی پەروەردەی مارگرێت - هەرێمی کوردستان- ناوەندی شاری سلێمانی.

پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

١- ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان

-(أمبوسعيدی و والحوسنية-٢٠١٦) پێناسەی دەکەن بە "کۆمەڵێک بیرۆکەی جۆراوجۆرە لە لایەن خوێندکارەوە لە کاتی وانەکەدا جێبەجێدەکرێت لەبارەی ئەو دیاردەیەی کە خراوەتەڕوو لە ڕێگای وروژاندنی هزری، پاشـان بژاردەکردنی بیرۆکەکانە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە مامۆستا پێشتر بە خوێندکارانی داوە".(أمبوسعيدی و والحوسنية:٢٠١٦، ٥٨)

-(الحسن و شكري-٢٠٢١) پێناسەی دەکەن بە "ستراتیژێکی نوێیە، کە گرنگی بەفێرکردنی چێژبەخش و کاریگەر دەدات و کار لەسەر وەبەرهێنانی تواناکانی خوێندکار دەکات بە کەمترین کات و کۆشش و تێچوو بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان" (الحسن و شكري-٢٠٢١، ٢٨٣).

پێناسەی ڕێککاری توێژەر بۆ ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان "بریتیە لە ستراتیژێکی کارا و گرنگی فێرکاری کە کار لەسەر گەشەپێدانی توانا هزرییەکانی خوێندکار دەکات بۆ خستنەڕووی بیرۆکەی نوێ و بژاردەکردن و دیاریکردنی باشـترین بیرۆکەیان کە لە ڕێگایەوە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەتوانا دەبن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی کە لە شێوەی پرسیارێکی زانستیدا لە بابەتی مێژوو خراوەتەڕوو".

٢-کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی

- کۆمەڵەی ئەمریکی (Ascd ) بۆ چاودێری و گەشـەپێدانی پرۆگرامەکان(٢٠١٣) پێناسـەی دەکات بە "چەند پرۆسەیەکی هزری درکی جیاجیایە، کە دەکرێت بە هەوێنی سەرەکی بونیاتی بیرکردنەوە ناوببرێت، لە (٢١) کارامەیی کە لە (٨) کۆمەڵەدا کۆکراوەتەوە پێکدێت"(قواسـمە و محمد:٢٠١٣، ٢٤٣).

- (هذال:٢٠٢٠) پێناسـەی دەكات بە " بریتیە لە كۆمەڵە پرۆسـەیەكی هزری، كە خوێندكار لە رێگایانەوە زانیاری كۆدەكاتەوە و لە یادگەیدا دەیپارێزێت، پاشان بۆ چارەسەركردنی هەڵوێست و ئەو كێشـانەی بەكاریدەهێنێت، كە رووبەرووی دەبێتەوە. بەپشـتبەسـتن بە كارامەییەكانی بیركردنەوەی تەوەرەیی كە بریتین لە كارامەییەكانی (بیرهاتنەوە، رێكخسـتنی زانیاریەكان، شـیكردنەوە، وەبەرهێنان، تەواوكاری، هەڵسـەنگاندن)، كە دەكرێت لە رێگای چەندێتی وەلامدانەوەی خوێندكار بۆ تاقیكردنەوەكە هەڵبسەنگێنرێت"(هذال:٢٠٢٠، ٤٦٤).

پێناسـەی رێككاری توێژەر بۆ كارامەییەكانی بیركردنەوەی تەوەرەیی " كۆمەڵە پرۆسـەیەكی هزرییە، كە بریتین لە كارامەییەكانی (بیرهاتنەوە، رێكخسـتنی زانیاریەكان، شـیكردنەوە، وەبەرهێنان، تەواوكاری، هەڵسـەنگاندن)، كە خوێندكار بۆ چارەسـەركردنی هەر هەڵوێسـتێكی زانستی بەكاریاندەهێنێت، ئەمەش لە رێگای وەلامدانەوەی خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ بڕگەكانی پێوەری كارامەییەكانی بیركردنەوەی تەوەرەیی بەدەسـتدەهێنرێت، كە بۆ ئەم مەبەستەش لە بابەتی مێژوو ئامادەكرابوو".

٣- مێژوو

- (الدوري-١٩٦٠) پێناسـەی دەكات بە "پرۆسـەیەكی پەیوەندیداری كارلێكراوە لە نێوان مێژوونوس و راسـتیەكان یان وتوێژێكی پەیوەندیدارە لە نێوان رابردوو ئێسـتا"(الدوروي: ١٠٩٦٠، ٧).

- (أبوسـریع-٢٠٠٨) پێناسـەی دەكات بە "لقێكی مەعریفەیە كە ئامانجی كۆكردنەوەی زانیاریە لەبارەی رابردوو بە مەبەستی شیكردنەوە و راڤەكردن" (أبوسریع :٢٠٠٨، ٣٣-٣٤).

پێناسـەی رێككاری توێژەر بۆ بابەتی مێژوو" پرۆسـیەكە، تیایدا مێژوونوسـان لە میانەیەوە راسـتیەكان و رووداوەكان دەخەنەڕوو، ئەمەش هۆكار دەبێت بۆئەوەی خوێندكارانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی بە زانیاریەكان ئاشـنابن و بەرچاوڕوونیان هەبێت لەبارەی ئەو رووداوانەی كە لە رابردوودا روویداوە"

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە

### ستراتیژی بژاردەی بیرۆكەكان:

سـتراتیژی بژاردەی بیرۆكەكان، یەكێكە لە سـتراتیژەكانی فێركردنی چالاك، كە یارمەتی خوێندكار دەدات لە بژاردەكردنی بیرۆكەكان، لەبارەی ئەو بابەتەی كە دەویسترێت خوێندكارانی لەسـەر فێربكرێت، لە رێگای پرسـیاری هەژاندنی هزرییەوە، كە مامۆسـتا دەیخاتەڕوو. پاشـان گفتوگۆ لەبارەی ئەو بیرۆكـانە لە نێوان مـامۆسـتـا و خوێنـدكار دەكرێت بۆ دیـاریكردنی گونجـاوترین بیرۆكە بۆ بەدەسـتهێنانی فێربوون (العقیلي و الدلیمي: ٢٠٢٢، ٨٢٩). بۆچوونی

سەرەکی ستراتیژەکە لەسەر پێشکەشکردنی ژمارەیەک ڕاوبۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر لەمیانی ئاراستەکردنی پرسیارێکی هزرییەوە لە لایەن مامۆستای بابەتەکەوە وەستاوە، پاشان ئاراستەکردنی وەڵامەکان لە لایەن خوێندکارانەوە بە جۆرێک بژاردەی وەڵامەکان کرابێت، بەپێی ئەو پێوەرەی، کە مامۆستا دیاریکردوە لە میانی وانەکەدا بۆ دیاردەیەکی زانستی دیاریکراو. (الزركاني و القريشي: ٢٠١٨، ٧٧٠). لەبەرئەوەی ئاراستە نوێیەکانیش لە پەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی ئەرێنی خوێندکار وەک تەوەرەی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن دەکەنەوە (جواد و ئەوانیتر: ٢٠١٧، ٥٦١). بۆیە دەتوانرێت، ئەم ستراتیژە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا وەک ستراتیژێکی کارا لە سەرەتای وانەدا جێبەجێبکرێت، بۆئەوەی کەمەندکێشی ئاگای خوێندکاران بکرێت و پاڵنەریان بۆ بابەتەکە بورووژێنرێت. جگە لەوەی لە میانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکەدا، خوێندکاران لە نێوان خۆیاندا چالاک و هاوکار دەبن و هانیان دەدات بۆ خستنەڕووی بۆچوونی نوێ و گەشەپێدان بە بیرکردنەوە و متمانە بەخودبون و ڕێزگرتنی ئەوانیتر (حمودي: ٢٠٢٢، ٢١٠٥- ٢١٠٦). هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان بریتیە لە:

١- مامۆستا پرسیارێک ئاراستەدەکات، کە پێویستە پرسیارەکە بە جۆرێک بێت، وروژاندنی هزری تێدابێت، بۆئەوەی خوێندکاران لە ڕێگای وروژاندنی هزرییەوە کۆمەڵێک بیرۆکەی پەیوەندیدا بە پرسیارەکەیان لادروست ببێت.

٢- مامۆستا داوا لە خوێندکاران دەکات، کە چەند گروپێکی هاریکاری دروستبکەن، پاشان وەرەقەیەکیان پێدادەت و داوایان لێدەکات وێنەی لولەکێک و دەفرێک لە لاپەڕەکەدا دروستبکەن.

٣- دواتر داوایان لێدەکات، ئەو بیرۆکانەی کە هاوڕان لەسەری لە بەشی سەرەوەی لولەکەکەدا بنوسن و پرۆسەی وروژاندنی هزری بۆ ئەوپرسیارەی کە خراوەتەڕوو ئەنجامبدن.

٤- دوای کۆتایهاتنی پرۆسەی وروژاندنی هزری و دانانی بیرۆکەکان لە بەشی سەرەوەی لولەکەکە، داوا لە خوێندکاران دەکرێت، ئەو بیرۆکانە بژاردە بکەن، بەپێی ئەوپێوەرەی کە مامۆستا پێیداون، بۆئەوەی دواتر ئەو بیرۆکانە بخەنە بەشی خوارەوەی لولەکەکە.

٥- مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران گفتوگۆ لەبارەی ئەو بیرۆکانە دەکەن، کە لە سەرەتادا هەیانبووە و ئەوانەشی کە بژاردەیان کردوە (أمبوسعيدى و والحوسنية-٢٠١٦، ٥٩).

بەم شێوەیەش ڕۆڵی مامۆستا لەم ستراتیژەدا بریتیە لە: ئامادەکردنی ژینگەی فێرکردن و سەرچاوە و کەرەستە پێویستەکان، لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران، بەڕێوەبردنی وانەکە (بدير٢٠١٨، ٢٣٣-٢٤٤). هەرچی ڕۆڵی خوێندکاریشە بریتیە لە: بەشداریکردنێکی چالاک لە وانەکەدا، هاوکاری لە نێوان خوێندکارانی هاوڕێی لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەدا، بەدەستهێنانی کورتکردنەوە و ئەنجامی وانەکە، کارکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وانەکە (عطية: ٢٠١٨، ٤٣).

کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی:

کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی پێناسە دەکرێت بە چەند پرۆسەیەکی هزری تایبەت، کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوبەکاردەهێنرێن (أبوجادونوفل: ٢٠٠٧، ٧٨)، (العبسي:٢٠٠٩) پێیوایە، پرۆسەیەکی مەعریفی و درکیە، وەک بنچینەی بونیاتی بیرکردنەوە وایە و لە لایەن مارزانۆ و هاوڕێکانیەوە دیاریکراوە، کە بریتین لە (٢١) کارامەیی و لە هەشت کۆمەڵەدا کۆکراونەتەوە"(العبسي:٢٠٠٩، ٢١٩). کارامە سەرەکی و لاوەکیەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی بریتین لە:

١- کارامەی ئاگای (کۆبیر)

دوو کارامە لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە: (دیاریکردنی کێشە، دانانی ئامانجەکان)

٢- کارامەی کۆکردنەوەی زانیاری

دوو کارامە لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە: (کارامەی تێبینی، کارامەی داڕشتنەوەی پرسیار)

٣- کارامەی بیرهاتنەوە

دوو کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی بەهێماکردن، کارامەی گەڕانەوە)

٤- کارامەی ڕێکخستن

چوار کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی بەراوردکاری، کارامەی پۆلێنکاری، کارامەی ڕێکخستن، کارامەی نواندن)

٥-کارامەی شیکردنەوە

چوار کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی دیاریکردنی تایبەتمەندی و ڕەگەزەسەرەکیەکان، کارامەی دیاریکردنی پەیوەندیەکان، کارامەی دیاریکردنی بیرۆکە سەرەکیەکان، کارامەی دیاریکردنی هەڵەکان)

٦- کارامەی بەرهەمهێنان

سێ کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی خەمڵاندن، کارامەی پێشبینی، کارامەی هەڵسەنگاندن)

٧- کارامەی تەواوکاری

دوو کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی کورتکردنەوە، کارامەی دووبارە ڕێکخستنەوە)

٨- کارامەی هەڵسەنگاندن

دوو کارامە لەخۆی دەگرێت، کە بریتین لە: (کارامەی پێوەرە بنەڕەتیەکان، کارامەی پشتڕاستکردنەوە) (نوفل: ٢٠٠٨، ٣٣-٣٤)

توێژینەوەکانی پێشوو:

| ز | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدان | ئامانجی توێژینەوەکە | کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە | کەرەستەکانی توێژینەوەکە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاریگەری ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لەبیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئەدەبی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | الزرکاني و ئەوانیتر:عیراق- جامعة واسط- ٢٠١٨ز | زانینی کاریگەری ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لەبیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئەدەبی لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی خوێندگەی (١٤)ی تەموزی کوڕان، نموونەی توێژینەوەکە پێکهات لە (٥٦) خوێندکار بۆهەر گرووپێک (٢٨) خوێندکار | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە | تاقیکردنەوەی (تائی) | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزموونگەری لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا. |
| ٢ | کاریگەری ستراتیژی (KUD)ی کۆمپیوتەری لەسەر | الجنابي- عراق- جامعة كربلاء- ٢٠٢٢ | زانینی کاریگەری ستراتیژی (KUD)ی کۆمپیوتەری لەسەر | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو | تاقیکردنەوەی بەستکەوت بە(٢٦)بڕگە | بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە |

سودی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لەم لایەنانەی خوارەوە سودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت:

١- ئامادەکردنی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی.

٢-ئامادەکردنی پلان و پرۆسەی وانەوتنەوە.

٣-هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.

٤-شارەزابوون و ئاشنابونی زیاتر لەبارەی هەنگاوەکانی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان.

*جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی ڕابردوو لەوەدایە، کە ئامانجی زانینی کاریگەریی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکانە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو بە وەرگرتنی (سێ) بەشی پەرتووکی خوێندنی پۆلی هەشتەم، توێژینەوەکە لە هەرێمی کورستان - عێراق لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بە وەرگرتنی (٣٠) خوێندکاری قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی و بە میتۆدی نیمچە ئەزموونی ئەنجامدراوە، بە ڕێککاری هاوتای جیاواز و بە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی، لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری پێویست بۆ هەرهەنگاوێک بەپێی گریمانەکان.

## بەشی سێیەم
## ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە، لەبەر شیاوی ئەم میتۆدە لەگەڵ ئامانج و تاقیکردنەوە و گریمانەکان لەم توێژینەوەیەدا.

دیزاینی توێژینەوە:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزاینە بەست، کە بە دیزاینی ئەزموونی ناودەبرێت. ئەمەش لە دوو گروپ پێکهات: گروپی ئەزموونگەری، کە بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان وانەکەیان پێدەوترێتەوە و گروپی کۆنترۆڵکراویش بە ڕێگای ئاسای وانەکەیان پێدەوترێتەوە. بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی وەک لە خشتەی (١)دا دیارە.

کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی کە ژمارەیان بریتیە لە (٥٥٨) خوێندکار لە خوێندنگە تایبەتەکانی ناو کۆمەڵگە پەروەردەییەکان لە ناوەندی شاری سلێمانی، کە ژمارەیان (١١) کۆمەڵگەیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ز.

نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوە بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، بەپێی چەند پێوەرێکی تایبەت و بە شێوەیەکی دروست هەڵدەبژێرێت، بۆئەوەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدرێت (داود و عبدالرحمن: ١٩٩٠، ١١٩). توێژەر خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی پەروەردەیی (مارگرێت) هەڵبژارد بە شێوەیەکی مەبەستدار، کە ژمارەیان

خشتەی (٢)

نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| گرووپ | لق | ژمارەی خوێندکار |
| --- | --- | --- |
| ئەزموونگەری | ب | ١٥ |
| کۆنترۆلکراو | أ | ١٥ |

٣- هاوتای توێژینەوەکە:

بۆهاوتاکردنی هەردوو گروپی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم گۆڕاوانەی خوارەوەی دیاریکرد:

١- تەمەن

بۆئەوەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوەدا هاوتابکرێن، توێژەر تەمەنی خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوەکەی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ وەرگرت، تا ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٥)


خشتەی (١)

دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

| گرووپ | تاقیکردنەوەی پێشەکی | ستراتیژی وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونگەری | گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی | ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان | گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی |
| کۆنترۆلکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

| | | | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | کۆنترۆلکراو | ١٥ | ١٥٤،٢٠ | ٢،٠٠ | | | |

لە خشـــتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، بەهای (ت) بریتیە لە (١،٣٠)، کە بچوکترە لە بەهای خشـــتەی (٣،٣٤) بە نمرەی ئازادی (٢٨) و ئاســـتی ئاماژەی (٠،٢٠)، کە گەورەترە لە ئاســـتی بەڵگەداری (٠،٠٥). ئەمەش ئـامـاژەیە بۆئەوەی کە خوێنـدکـارانی هەردوو گروپ لەم گۆڕاوەدا هاوتان، وەک لە شێوەی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت.




شێوەی(٢)

هاوتای هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەگۆڕاوی زیرەکی نیشان دەدات


٢- زیرەکی

توێژەر بۆئەوەی لە ئاســـتی زیرەکی خوێندکاران دڵنیابێت، تاقیکردنەوەی زیرەکی (احمد زکی صــالح)ی بەکارهێنا، کە لە ژینگەی هەرێمی کوردســتان و عێراقدا جێبەجێکراوە و لە (٦٠) برگە پێکدێت. هەر بڕگەیەک لە (٥) وێنە پێکدێت. کە یەکێکیان جیاوازە و پێویســـتە خوێندکار وێنە جیاوازەکە هەڵبژێرێت. ئەم تاقیکردنەوەیە لە ســەرئاســتی (٦٠) نمرە لە ڕۆژی شــەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١١) جێبەجێکرا، بەرزترین نمرە بریتیە لە (٦٠) نمرە و نزمترین بریتیە لە (٠)، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.Test) ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری دیاریکرا و داتاکان بەو جۆرە بوو، کە لە خشتەی ژمارە(٤)دا دیارە.

خشتەی(٤)

ئاستی زیرەکی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە

| جۆری گۆڕاو | گرووپەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| زیرەکی | ئەزموونگەری | ١٥ | ٤٥،٢٠ | ١٠،٤٦ | ١،٠١ | ٣،٣٤ | بەڵگەدارنیە |
| | کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٤٨،٦٦ | ٨،٠٤ | | | |




٣-نمرەی س ... نمرەی ســـ ... زانســـتە کۆمەڵایەتییە ... پەکان، پاش بەکارهێنانی ... ڕا و داتاکان بەو شێوەیە بوو، کە لە خشتەی (٥)دا دیارە.

لە خشـتەی (٥)دا دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) بریتی بوو لە (٠،٩١)، ئەمەش بچوکترە لە بەهای خشـتەیی (٣،٣٤) بە نمرەی ئازادی (٢٨) و ئاستی ئاماژەی (٠،٣٧). ئەمەش گەورەترە لە ئاستی

خشتەی(٥)

نمرەی ساڵی ڕابردووی هەردووگرووپی توێژینەوەکە لەبابەتی زانستە کۆمەلایەتییەکان

| جـــۆری گۆڕاو | گرووپەکان | ژمـــارەی نمونە | نـاوەنـدی ژمێرەی | لادانــــی پێوەری | بەهای (ت) | | ئـاســـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| نـمـرەی ســـــاڵی پێشوو | ئەزموونگەری | ١٥ | ٦٨،٥٣ | ١٧،٥٤ | ٠،٩١ | ٣،٣٤ | بەڵگەدارنیە |
| | کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٧٣،٦٠ | ١٢،٥٤ | | | |

پەرتوکی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان - مێژوو پۆلی شـەشـەم و حەوتەمی بنەڕەتی ئامادەکرد، کە پێکهات لە (٣٠) برگە لە هەردوو جۆری (هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک - بۆشـــای)، پاشـــان تـاقیکردنەوەکە خرایە بەردەم شـــــارەزایـان لە پســـپۆڕییە جیـاوازەکـانی مێژوو، پەروەردە،


دەرونزانی، وەک لە پاشکۆی ژمارە(١)دا دیارە. دواتر تاقیکردنەوەکە فۆرمی کۆتای وەرگرت و لە ڕۆژی دوو شــەممە (٢٠٢٣/١١/١٣) جێبەجێکرا. بە جۆرێک لە کاتی وەڵامدانەوەی ڕاســت بۆ

هەر بڕ ... ڵە بۆ هەر خاڵێک

خوێندکـ ... ە و نزمترین نمرە

بریتیە ... ی و لادانی پێوەری

دیاریکر




لە خشتەی (٦)دا دەردەکەوێت، بەهای(ت) بریتی بوو لە (١،٢٥)، کە بچوکترە لە بەهای خشتەی (٣،٣٤) بە نمرەی ئازادی (٢٨) و ئاستی ئاماژەی (٠،٢٢). ئەمەش گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥). ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی خوێندکارانی هەردوو گروپ هاوتان لەم گۆڕاوەدا، وەک لە شێوەی ژمارە (٤)دا دیارە.


خشتەی(٧)

تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆکارامەیی بیرکردنەوەی تەوەرەیی لای هەردوو گرووپی توێژینەوەکە

| جۆری گۆڕاو | گرووپەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی مەعریفەی پێشوو | ئەزموونگەری | ١٥ | ٦٢،٦٦ | ١٤،٠٧ | ١،١٤ | ٣،٣٤ | بەڵگەدارنیە |
| | کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٦٨،٤٠ | ١٣،٣٤ | | | |

بوو، کە لە خشتەی (٧)دا دیارە.

لە خشتەی (٬ ... های خشتەی
(٣،٣٤) بە نمر ... ی بەڵگەداری
(٠،٠٥)، ئەمە ... ـدا، وەک لە
شێوەی ژمار




شێوەی (٥)
هاوتای هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەتاقیکردنەوەی پێشەکی بۆکارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی نیشان دەدات

٦- ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان

١-ئاستی ئەکادیمی دایکان

ئاســـتی ... بە دوو
ئاســـت ... مرەکان
دیاریکرا ... ون، کە
لە خشت

خشتەی(٨)

ئاستی ئەکادیمی دایکان

| گۆڕاو | گرووپەکان | نمونە | نەخوێندەوار | سـەرەتای و بۆسەرەوە | کۆ | نمرەی ئازاد | بەهای هاوکۆلکەی(کا٢) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| دایکان | ئەزموونگەری | ١٥ | ٩ | ٦ | ١٥ | ١ | ٢،٠٠ | ٣،٨٤ | بەڵگەدار نیە |
| | کۆنترۆلکراو | ١٥ | ٧ | ٨ | ١٥ | | | | |
| کۆ | | ٣٠ | ١٦ | ١٤ | ٣٠ | | | | |

٢- ئاستی ئەکادیمی باوکان

ئاســتی ئەکادیمی باوکان لای خوێندکارانی پۆلی هەشــتەمی بنەڕەتی بە دوو ئاســت دیاریکرا (نەخوێندەوار، ســـەرەتای و بۆســـەرەوە). دواتر ئاســـتەکان بەپێی نمرەکان دیاریکران، پاش بەیەکپێگرتنی بە هاوکێشـەی ئاماری (کا٢)، ئەنجامەکان بەو شـێوەیە بوون، کە لە خشـتەی (٩)دا دیارە.

خشتەی(٩)

ئاستی ئەکادیمی باوکان

| گۆڕاو | گرووپەکان | نمونە | نەخوێندەوار | سەرەتای و بۆسەرەوە | کۆ | نمرەی ئازد | بەهای هاوکۆلکەی(کا٢) ئەژمارکراو | بەهای هاوکۆلکەی(کا٢) خشتەی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دایکان | ئەزموونگەری | ١٥ | ٨ | ٧ | ١٥ | ١ | ٢،٠٠ | ٣،٨٤ | بەلگەدارنیە |
| | کۆنترۆلکراو | ١٥ | ١٠ | ٥ | ١٥ | | | | |
| کۆ | | ٣٠ | ١٨ | ١٢ | ٣٠ | | | | |

پێداویسە

١- ئامادەکردنی بابەتی خوێندن

توێژەر خۆی بابەتی خوێندنی وتەوە لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی هەشـــتەمی بنەڕەتی/ بەشـــی مێژوو، ســـێ بەشـــی کۆتای بابەتی خوێندن. کە بریتی بوون لە بەشـــەکانی (سێیەم/ دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی ئومەویدا - چوارەم/ دەوڵەتی ئیسلامی لە سـەردەمی خەلیفەکانی عەباسـیدا -پێنجەم/ کوردسـتان لە سـەردەمی ئیسـلامی)، کە بە لاپەڕە (٥٦) پەرتوکەکە دەســـتپێکرد و بە لاپەڕە (١٠٤) کۆتایهات. بەم شـــێوەیەش توێژەر پابەندی خشـــتەی وانەکانی خوێندگە بوو، کە لە هەر هەفتەیەکدا ســـێ ڕۆژ بۆ وانەکان دیاریکرابوو، ئەوانیش لە ڕۆژانی (شەممە، دووشەممە، چوارشەممە) بوون.

٢- پلانی گرووپی ئەزموونگەری

پرۆســـەی وانەوتنەوە لای گرووپی ئەزموونی، بەپێی تایبەتمەندی هەر وانەیەک بە ســـتراتیژی بژاردەی بیرۆکەکـان وترایەوە، توێژەر (١٦) پلانی وانەوتنەوەی بەپێی ئەم ســـتراتیژە بۆ خوێندکاران ئامادەکرد. بەم شـــێوەیەش خوێندکارانی قۆناغی هەشـــتەم گرووپی (ب) وانەکانیان بەپێی پلانی ئەزموونی خوێند.

٣- پلانی گرووپی کۆنترۆڵکراو

پرۆســـەی وانەوتنەوە لای گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاســـای وترایەوە، توێژەر (١٦) پلانی وانەوتنەوەی بە ڕێگای ئاسـای بۆ خوێندکاران ئامادەکرد. بەم شـێوەیەش خوێندکارانی قۆناغی هەشتەمی گرووپی (أ) وانەکانیان بە ڕێگای ئاسای پەیڕەوکراو خوێند.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامرازەی خوارەوە بەکارهات:

ئامادەکردنی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی:

بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد و زانستی، بەپێی ئەو گۆڕاوەی کە بۆ توێژینەوەکە دیاریکرا، بریتیە لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی توێژەر پاش گەڕان و وردبوونەوەی زانستی لە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی ڕابردوو لەم بوارەدا، بە سودبینین لێیان، لەوانە (الموسوی و رعد:٢٠١٦ – الزرکانی و ئەوانیتر:٢٠١٨- العمري:٢٠٢٠- الجنابي-٢٠٢٢- أحمدعيد:٢٠٢٢- سفيح:٢٠٢٣ ). پێوەرێکی ئامادەکرد، کە لە (٤٠) بڕگە پێکهات، بە جۆرێک گوزارشتی لە سەرجەم کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی دەکرد، کە بریتی بوون لە (٨) کارامەی سەرەکی، ئەوانیش کارامەییەکانی (ئاگای، کۆکردنەوەی زانیاری، بیرهاتنەوە، ڕێکخستن، شیکردنەوەی، بەرهەمهێنان، تەواوکاری، هەڵسەنگاندن)، هەریەک لەم کارامەییە سەرەکیانەش ژمارەیەک کارامەی لاوەکی لە خۆی دەگرت. پاشان ئەم هەنگاوانە جێبەجێکرا:

١- دیاریکردنی بژاردەکانی پێوەرەکە

توێژەر پاش دیاریکردن و ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە، بژاردەکانی وەڵامدانەوەی دیاریکرد، بەپێی گونجاوی لەگەڵ سروشتی پێوەرەکە و جۆری وەڵامدانەوەکەی، کە پێکهات لە بژاردەی (٥) ڕەهەندی لیگرد. کە بریتی بوون لە (بەردەوام – زۆر جار – هەندێک جار – کەم جار – هیچ کاتێک) بە جۆرێک بەرزترین نمرە بۆ بەرزترین ئاست، کە زۆر جارە خوێندکار (٥) نمرە وەردەگرێت و نزمترین ئاست کە بریتیە لە هیچ کاتێک خوێندکار (١) وەردەگرێت.

٢- ڕاستگۆی پێوەری کارامەیی بیرکردنەوەی تەوەرەیی

ڕاستگۆی تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە، کە تاقیکردنەوەکەی لە پێناودا ئامادەکراوە، بە مەبەستی زانینی ڕاستی پێوانەکردنی ئەو دیاردەیە یان ئەو ڕەفتارەی بۆی ئامادەکراوە (مخائيل: ٢٠١٦، ١٦٣). لەم توێژینەوەیەدا دووجۆر لە ڕاستی دۆزرانەوە، کە بریتین لە:

أ- ڕاستی ڕواڵەتی: بۆئەوەی توێژەر دڵنیابێت لە ڕاستی ڕواڵەتی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی ئامادەی کرد. پێوەرەکە خرایەبەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایان لە پسپۆڕیەکانی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە، پێوانە و هەڵسەنگاندن، دەرونزانی، مێژوو)، کە ژمارەیان (٧) پسپۆڕ بوو، پاش گەڕانەوەی فۆڕمەکان پشتبەست بە ڕێژەی (٨٠٪) و زیاتر بۆ بڕیاردان دیاریکراو، سەرجەم بڕگەکان پەسەندکران پاش هەندێک گۆڕانکاری زمانەوانی و دارشتن لە بەشێک لە بڕگەکاندا.

ب-ڕاستگۆی بونیاتی

ڕاستگۆی بونیات بە یەکێک لە تایبەتمەندیە گرنگەکان دادەنرێت لە کاتی ئامادەکردنی هەر پێوەرێکدا، بۆئەوەی ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەکە گوزارشت لە وردی و زانستیبوون بکەن. لەم توێژینەویەدا توێژەر (٦٦) خوێندکاری ئەزموونی سەرەتای دەستنیشانکرد بۆ

جێبەجێکردنی ڕاســـتگۆی بونیاتی، بەهای هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان دۆزیەوە، بە دیاریکردنی پەیوەندی هەر بڕگەیەک بە نمرەی کۆتای پێوەرەکە. پاش بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئاماری بۆینت بای سریال دەرکەوت، کە سەرجەم بڕگەکان گونجاوبوون بە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥)، بە نمرەی ئازادی (٦٤) و بەهای خشتەی (٠،٢٤٥)، وەک لە خشتەی ژمارە (١٠)دا دیارە.

خشتەی(١٠)

ڕاستی بوونیادی بڕگەکانی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی

| بڕگە | بەهای بڕگەکان | خشتەی | بڕگە | بەهای بڕگەکان | خشتەی | بڕگە | بەهای بڕگەکان | خشتەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٢٩٨* | | ١٥ | ٠،٢٩٨* | | ٢٨ | ٠،٥١١** | |
| ٢ | ٠,٣٢٠* | | ١٦ | ٠،٤٤٤** | | ٢٩ | ٠،٣٣٥* | |
| ٣ | ٠,٢٨٠* | | ١٧ | ٠،٢٦٧* | | ٣٠ | ٠،٣٤٢* | |
| ٤ | ٠,٣٠٠* | | ١٨ | ٠،٢٩٨* | | ٣١ | ٠،٣٧١* | |
| ٥ | ٠,٤٠٠** | | ١٩ | ٠،٣٤٠* | | ٣٢ | ٠،٥٦٠** | |
| ٦ | ٠,٣٨٠** | | ٢٠ | ٠،٣٢١* | | ٣٣ | ٠،٢٨٨* | |
| ٧ | ٠,٢٦٥* | ٠،٢٤٥ | ٢١ | ٠،٤٤٥** | ٠،٢٤٥ | ٣٤ | ٠،٣٢٥* | ٠،٢٤٥ |
| ٨ | ٠,٤٠٠** | | ٢٢ | ٠،٣١٧* | | ٣٥ | ٠،٢٩١* | |
| ٩ | ٠,٣٢٠* | | ٢٣ | ٠،٣١١* | | ٣٦ | ٠،٣٠٠* | |
| ١٠ | ٠,٣٣٤* | | ٢٤ | ٠،٣٠٠* | | ٣٧ | ٠،٤٢٠** | |
| ١١ | ٠،٤٢١** | | ٢٥ | ٠،٤٩٨** | | ٣٨ | ٠،٢٧٠* | |
| ١٢ | ٠،٢٨١* | | ٢٦ | ٠،٥٢٠** | | ٣٩ | ٠،٢٦٦* | |
| ١٣ | ٠،٢٩٠* | | ٢٧ | ٠،٢٨٩* | | ٤٠ | ٠،٣٠١* | |
| ١٤ | ٠،٣٣٩* | | | | | | | |

کوردجینیەس) جێبەجێکرا، دابەش بووبوون بەســـەر (٤) پۆلی خوێنـدنـدا، بە هـاوکـاری مامۆســـتایانی خوێندنگە کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە گەیشـــتە (٤٥) خولەک، پاشـــان هەڵەچنی بۆ وەڵامی خوێندکاران بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامدرا.

أ- نەگۆڕی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەریی

بۆ بەدەســـتهێنانی نەگۆڕی هەر پێوەرێک چەند شـــێوازێک پەیڕەودەکرێت، توێژەر بۆ ئەم مەبەســـتە پێوەرەکەی بەســـەر (١٢٠) خوێندکاردا جێبەجێکرد، کە پێکهاتبوون لە خوێندکارانی ئەزموونی ســەرەتای پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی پەروەردەی کوردجنیەس. پاشـان هاوکۆلکەی ئاماری (ئەلفاکرۆنباخ) بەکارهێنرا، بەهای نەگۆڕی گەیشـــتە (٠،٨٩)، ئەم بەهایەش نرخێکی پەسەندە بۆ ئەم جۆرە پێوەرە.

ب-هێزی جیاکاری کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەریی

هێزی جیـاکـاری پێوەرەکە دۆزرایەوە، دوای ئەوەی پێوەرەکە بەســـەر (١٢٠) خوێنـدکـاردا جێبەجێکرا، نمرە بە ئاســـتەکان بە جۆرێک درا، کە (بەردەوام-٥، زۆر جار-٤، هەندێک جار-٣، کەم جار-٢، هیچ کاتێک-١) بەم شێوەیەش (٢٧٪) هەردوو توێژی سەرەوە و خوارەوە وەرگیرا و تیانوســـەکانی (٣٣) خوێندکاری توێژی ســـەرەوە و (٣٣) خوێندکاری توێژی خوارەوە لە

بەرزەوە بۆ نزم ڕیزبەندکراو، نمرەکان دیاریکرا. پاشان هاوکێشەی ئاماری (t.Test) لە نێوان هەردوو گروپەکە بەکارهات. دەرکەوت بەهای (تی) دەکەوێتەوە نێوان (٤،٥٦) – (١٨،٣٠)، ئەمەش زیاتر بوو لە نرخی خشتەی (٣،٣٤) بە نمرەی ئازادی (٢٨). بەم جۆرەش هێزی جیاکاری نێوان هەردوو گروپ دۆزرایەوە و سەرجەم بڕگەکان هێزی جیاکاریان پەسەندە.

٤- ڕێنمایی بۆ وەڵامدانەوەی پێوەری بیرکردنەوەی تەوەرەیی

ڕێنمایی بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکان لە ئامادەکردنی هەر پێوەرێکی دەروونی و پەروەردەییدا، یەکێکە لە بابەتە گرنگ و داواکراوەکان و هۆکار دەبێت بۆ ڕوونی بڕگاکان و وەڵامدانەوەی ورد و بابەتی پێوەرەکە، ئەمەش هۆکارە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان (مجید: ٢٠١٢، ٣٤٣). بۆیە توێژەر داوای لە خوێندکاران کرد، کە بە وردی و بابەتیانە وەڵامی بڕگەکانی پێوەرەکە بدەنەوە، بە جۆرێک گوزارشت لە ڕاوبۆچوونەکانیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە بەردەم هەر بڕگەیەک نیشانەیەکی ڕاست دابنێن و سەرجەم بڕگەکان وەڵام بدەنەوە.

جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە:

ماوەی توێژینەوەکە و کاتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١١) تاقیکردنەوەی زیرەکی بەسەر هەردوو گروپی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا.

٢- ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٣) تاقیکردنەوەی مەعریفەی پێشوو جێبەجێکرا.

٣- ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٤) تاقیکردنەوەی پێشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی جێبەجێکرا.

٤-ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٥) دەستکرا بە پرۆسەی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە.

٥- ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٢٠) کۆتای بە پرۆسەی وانەوتنەوە بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە هێنرا.

٦- ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٢١) تاقیکردنەوەی پاشەکی بەسەر هەردوو گروپی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرایەوە و کۆتای بە توێژینەوەکە هات.

هاوکۆلکەی ئاماری:

بەرنامەی ئاماری (spss) بەکارهات بە مەبەستی شیکارکردنی داتا پێوستەکانی ئەم توێژینەوەیە.


## بەشی چوارەم
## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

خستنەڕووی ئەنجامەکان:

توێژەر بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامەکان دەخاتەڕوو:

١- بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەی یەکەم، کە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری، کە بابەتەکە بە ستراتیژی بژاردەی بیرکەکان دەخوێنن و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا).

توێژەر هاو ... جیاوازی بەڵگەداری ... ەیە، وەک لە خشتەی



شێوەی (٦)
ئەنجامی بەدەستهاتوو لەنێوان گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا

لە خشتەی (١١)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزموونگەری بریتیە لە (١٣٨،٨٠)، بە لادانی پێوەری (٢٤،١٧)، ناوەندی ژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو بریتیە لە (٦٨،٠٦) بە لادانی پێوەری (١٣،٤٥)، لەبەرئەوەی بەهای (ت) بریتیە لە (٩،٩٠) کە گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەی (٣،٣٤) بە نمرەی ئازادی (٢ – ٢٨)،


خشتەی(١١)

بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.Test)لەنێوان هەردووگرووپی توێژینەوەکە لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا

| گرووپ | نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای (تی) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| ئەزموونگەری | ١٥ | ١٣٨،٨٠ | ٢٤،١٧ | ٩،٩٠ | ٣،٣٤ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ٦٨،٠٦ | ١٣،٤٥ | | | |

٢- بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەی دووەم، کە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری، کە بابەتەکە بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا).

توێژەر هـاوکێشـــەی ئـامـاری (Paird SamplesTest) بەکـارهێنـا و دەرکەوت، جیـاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونگەری، وەک لە .



شێوەی(٧)
ئەنجامی بەدەستهاتوو لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونگەری

لە . ... ەی پێشـــەکی بریتیە لە (٦٦ ... پـاشـــەکی بریتیە لە (١٣٨،٨٠) بە لادانی پێوەری (٢٤،١٧)، لەبەرئەوەی بەهـای (ت) بریتیە لە (٩،٢٣)، کە گەورەترە لە (٤،٦٠) بە نمرەی ئازادی (١ – ١٤)، ئـاســـتی ئاماژەی (٠،٠٠) کە بچوکترە لە (٠،٠٥). بەم شـــێوەیەش ئەم گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی ئەڵتەرناتیڤ (لەجیاتی ئەو) قبوڵدەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و پاشـەکی گرووپی ئەزموونگەری لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشـەکی، وەک لە شـێوەی ژمارە (٧)دا دیارە.

خشتەی (١٢)


ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئاماری (t.Test) لەنیوان تاقیکردنەوەی پیشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونگەری

| گرووپ | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پیوەری | ژمارەی نمونە | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) | | ئاستی بەلگەداری(٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| ئەزموونگەری | پیشەکی | ٦٢.٦٦ | ١٤.٠٧ | ١٥ | ١٤ | ٩.٢٣ | ٤.٦٠ | بەلگەدارە |
| | پاشەکی | ١٣٨.٨٠ | ٢٤.١٧ | ١٥ | | | | |

پێیانوایە، ئەگەر بەهای قەبارەی کاریگەری لە (٠،٨٠) و بۆ ســـەرەوە بوو، ئەوە ئەو بەهایە بە بەهێز دادەنرێت. (محمد و عبدالعظیم:٢٠١٢، ٤٣٠-٤٤١)

٣- بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەی ســێیەم، کە بریتیە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەســـەر ئاســـتی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاسای دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا).

تویژەر هاوکێشەی ئاماری (Paird SamplesTest) بەکارهێنا و دەرکەوت، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراودا نیە، وەک لە خشتەی (١٣)دا دیارە.



شێوەی (٨)
ئەنجامی بەدەستهاتوو لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو

لە خشتەی ... بریتیە لە (٦٨،٤٠) بە ... لە (٦٨،٠٤) بە ناوەندی ... چوکترە لە (٤،٦٠) بە ... ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥). بەم شێوەیەش ئەم گریمانەیە قبوڵدەکرێت. ئەمە ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو، وەک لە شێوەی ژمارە (٨)دا دیارە.

پاشان لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئاماری (قەبارەی کاریگەری)، بە هەژمارکردنی ...ەری ... بەش ... (٢٠١ ... هایە

خشتەی (١٣)

ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکولکەی ئاماری (t.Test) لەنیوان تاقیکردنەوەی پیشەکی و پاشەکی گرووپی کۆنترۆلکراو

| گرووپ | تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمیرەی | لادانی پیوەری | ژمارەی نمونە | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) | | ئاستی بەلگەداری(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆلکراو | پیشەکی | ٦٨،٤٠ | ١٣،٣٤ | ١٥ | ١٤ | ١،٠٩ | ٤،٦٠ | بەلگەدارنیە |
| | پاشەکی | ٦٨،٠٤ | ١٣،٤٥ | ١٥ | | | | |

پاش خستنەڕووی ئەنجامەکان دەرکەوت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونگەری هەیە، کە بابەتەکە بەستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاسای دەخوێنن لە بەرژەوەندیی گروپی ئەزموونگەری، لە

هەمانکاتدا جیاوازی بەڵگەداری بەرچاو لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گروپی ئەزموونگەریدا هەیە، توێژەر هۆکاری ئەم جیاوازیە دەگەڕێنێتەوە بۆ:

١- ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لەگەڵ ئاست و تەمەنی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی گونجاوە و هۆکارە بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون. لەم بارەیەوە (الزركاني و ئەوانیتر-٢٠١٨) پێیانوایە، ستراتیژەکە هۆکارە بۆئەوەی خوێندکار پێشوازی لە فێربوونی بابەتە زانستیەکان بکات بەراورد بە ڕێگای ئاسای لە وانەوتنەوەدا (الزركاني و ئەوانیتر: ٢٠١٨، ٧٩٢).

٢- ستراتیژەکە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی توانا و متمانەی خودی و باوەڕبەخۆبوون لای خوێندکاران بەراورد بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

٣- ئەم ستراتیژە هۆکارە بۆئەوەی خوێندکار بژاردەی بیرۆکەکانی بکات و بیرۆکە نوێیەکان بێنێتە پێش، ئەمەش یارمەتیدەری دەبێت، بۆئەوەی ڕێگایەکی زانستی و گونجاو بۆ بەشداری و گفتوگۆی بۆچوونە جیاوازەکان هەڵبژێرێت (الحسن و بروين: ٢٠٢١، ٢٨٩).

٤- ستراتیژەکە هۆکارە بۆ ئاراستەکردنی خوێندکار تا هەست بە ئازادی بکات و ئەزموونی بیرۆکە نوێیەکان بکات (حمودي: ٢٠٢٢، ٢١١٦).

٥- قەبارەی کاریگەری لە گروپی کۆنترۆڵدا بەهێزە و بە پێچەوانەوە لە گروپی کۆنترۆڵدا بێهێزە، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە گروپی ئەزموونگەری وانەکەیان بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان خوێند و ئەزموون و شارەزاییەکی بەرچاویان بەدەستهێناوە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو.

*بۆیە ئەنجامی توێژینەوەکە جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (الزركاني و ئەوانیتر: ٢٠١٨ز)، هەروەها جیاوازە لە ئەنجامی توێژینەوەی (الجنابي، ٢٠٢٢ز) لەسەر ئاستی هەردوو گروپ، بەڵام لەسەر ئاستی گروپەکان هاوڕایە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی تەوەرەیی.

## بەشی پێنجەم
## ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

ئەنجامەکان:

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکان و سنوری توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ئەنجامانە دەخاتەڕوو:

١- بەکارهێنانی ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان لە بابەتی مێژووی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەرئەوەی ئەم ستراتیژە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە کۆکردنەوەی زانیاری و پاراستنی لە یادگەی خوێندکاراندا.

٢- ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان ستراتیژێکی نوێ و هاوچەرخە، کە هانی خوێندکار دەدات بۆ فێربوون بەشێوازێکی نوێ و فەراهەمکردنی بارودۆخێکی پەروەردەی گونجاو لە پۆلدا بۆ فێربوون.

٣- وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو بەم ستراتیژە، هۆکارە بۆ زیادکردنی خۆشەویستی بۆ وانەکە و پێشوازیکردنی زانیاریە نوێیەکان. ئەمەش هۆکارە بۆ پێشخستنی تواناکان و بەگەڕخستنیان بۆ فێربوون.

٤- ستراتیژەکە هۆکارە بۆ چارەسەرکردنی هەڵوێستەکان و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خوێندکار دەبێتەوە پشتبەست بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تەوەرەیی.

ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنای ئەنجامەکان توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١- کاربکرێت بۆئەوەی لە ڕێگای خولەکانی مەشق و ڕاهێنان ستراتیژەکە، وەک یەکێک لە ستراتیژە نوێ و هاوچەرخەکان، پرۆسەی وانەوتنەوە بناسێنرێت، مامۆستایانی ئەم خولانە هانی پەروەردەکاران بۆ بەکارهێنانی بدات.

٢- ئەم ستراتیژە دەتوانرێت ببێتە ئامرازێک بۆ هاوڕێی ڕەخنەگر (سەرپەرشتیارانی پەروەردەی) تا هانی مامۆستایانی بابەتی مێژوو بدەن بۆ بەکارهێنانی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

٣- هانی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە قۆناغە جیاجیاکان و پۆلەکانی خوێندن بدرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە، چونکە کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکان دەکات لە پرۆسەی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا.

پێشنیازەکان:

بۆ زیاتر گرنگیدان بە وانەوتنەوە بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکەکان، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

١- بەراوردکردنی سترتیژی بژاردەی بیرۆکەکان بە ستراتیژێکی تری وانەوتنەوە لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی.

٢- تاقیکردنەوەی ئەم ستراتیژە لە بابەتی مێژوو بە دەستنیشانکردنی گۆڕاوێکی تری پاشکۆ بۆ قۆناغی ئامادەیی یان زانکۆ.

٣- بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بۆ بوار و ئاستێکی تری فێرکاری جگە لە بابەتی مێژوو لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا.

٤- ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پشتبەست بە ستراتیژی بژاردەی بیرۆکاکان بۆ قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی یان هەر ئاست و قۆناغێکی تری خوێندن.

سەرچاوەکان


- ابوجادو، صالح محمد علي، و محمد بكر نوفل. (٢٠٠٧)، تعليم التفكير النظرية و التطبيق، ط١، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان- الاردن.
- أحمدعيد، سماح محمد(٢٠٢٢)، استخدام استراتيجية مقترحة قائمة على أنماط فارك VARKفى تدريس العلوم لتنمية مهارات التفكير المحوري ودافعية الإنجاز الاكاديمي

لدى تلاميذ الصــف الســادس الابتدائي، مجلة البحث العلمي في التربية، العدد االاول ٢٠٢٢ المجلد ٢.

- أمبوســـعيدى، عبداللهبن خميس، و هدى على الحوســـينية،(٢٠١٦)، اســـتراتيجيات التعلم النشــط-١٨٠اســتراتجية مع الامثيلة التطبيقية،ط١، دارالمســيرةللنشــروالتوزيع والطباعة، عمان-الاردن.
- أبو سريع ، محمود محمد (٢٠٠٨ )، المرجع في تدريس المواد الاجتماعية ، الطبعة ألاولى، الدار العالمية للنشر والتوزيع،مصر.
- بدير، كريمان(٢٠٠٨)، التعلم النشط، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان-الاردن.
- تغريد، خضـير هذال، (٢٠٢٠)، مهارات التفكير المحوري و علاقتها بتحصـيل الدراسـي في مادة الرياضيات لدى طلبات الصف الرابع الاعدادي، مجلة الفتح، العدد الحادي والثمانون، أذارلسنة ٢٠٢٠.
- الجنابي، حســين نعمت عفجاوي(٢٠٢٢)، أثراســتراتيجية (KUD)المحوســبةفي تحصــيل وتنمية مهارات التفكير المحوري لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الاجتماعيات، رسالةماجستريرغيرالمنشورة، جامعة الكربلاء-كلية التربية للعلوم الانسانية.
- جواد، محمد مهدى، و عبدلاميرخلف عرط، و نذيرجبرراضـــي الشـــمرى(٢٠١٧)، أثر التدريس بمهارات التفكير المحورية في تحصـيل طالب الصـف الثاني المتوسـط وتفكيرهم االيجابي في مادة الفيزياء، مجلة كلية التربية والانســـانية/ جامعة بابل،العدد(٣٦)، كانون أول(٢٠١٧م).
- الحســـن، منتهى عبدالكريم محمد، و بروين محمود شـــكري(٢٠٢١)، فاعلية اســـتراتجية ترشـيح الافكار في التحصـيل مادة التاريخ لدى طالبات الصـف الرابع الادبي، مجلة الاداب/ ملحق(٢)العدد(١٣٨).
- حسين،بيداءحسن،(٢٠٢٠)، أثر توضيف استراتيجيتي كاروسل وترشيح الأفكار في الأداء التعبيري وتنميةمهارات التفكير الابداعي لدى طالبات المرحمة الإعدادية، مجلة ديالى، العدد الثالث والثمانون، ٢٠٢٠م.
- حمودي، على نبيل،(٢٠٢٢)، اثر اســـرتجية ترشـــيح الافكار في تصـــيل مادة علوم الحياة للصـف الرابع الاعدادي، مجلة الدراسـات المسـتدامة ، السـنة الرابعة /المجلد الرابع /العدد الثالث/ ملحق١، لسنة ٢٠٢٢ م.
- داود، عزيزحنا، و عبدالرحمن انور حسين،(١٩٩٠)، مناهج بحث التربوي، دارالحكمةللطباعة والنشر، جامعة بغداد.
- الزركاني، عدنان دلفي ســلمان، و مهدي علوان عبود،(٢٠١٨)، أثر اســـرتاتيجية ترشـــيح الافكار في التفكيرالابداعي لدى طلاب الصـــف الرابع الادبي بمادة علم الاجتماع، جامعة الواسط، كلية التربية.

- سفيح، احمد جاسب يوسف(٢٠٢٣)، مهارات التفكير المحورى المتضمنة في محتوى قواعد اللغة العربية للصف الثاني المتوسط، مجلة الفتح، المجلدسابع و العشرون، العددالثالث-أيلول لسنة٢٠٢٣.
- العبسي،محمدمصطفى(٢٠٠٩)، الالعاب و التفكيرفي الرياضيات، ط١،دارالمسيرةللنشروالتوزيع، عمان.
- عطية، محسن بدير(٢٠١٨)، التعلم النشطاستراتيجيات واساليب حديثة في التدريس،ط١، دارالشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.
- العقيلي، رسول عاشور، و محسن حسين الدليمي،(٢٠٢٢)، أثراستراتيجية التجميع و ترشيح الافكار في الآداء التعبيرى عند طلاب الصف الاول المتوسط، مجلةكلية التربية الاساسية، العدد(١١٥)، المجلد(٢٨)، السنة(٢٠٢٢)
- العمري، ماجد بن محمد بن دلهام(٢٠٢٠)، فاعلية استخدام استراتيجية التخيل الموجة في تحسين مهارات التفكير العلمي من خلال مقرر العلوم بالمرحلة الابتدائية، المجلةالعربيةللتربية النوعية، المجلد الرابع، العدد(١٥)اكتوبر-٢٠٢٠.
- القواسمة، أحمدحسن، و محمد أحمدابوغزالة(٢٠١٣)، تنمية مهارات التعليم والتفكيروالبحث، دارصفاءللنشر، عمان.
- اللقاء العربي الثاني للتعليم التفكير وتنمية الابداع(٢٠٠٨)، مركزديبونو لتعليم التفكير.
- مجيد، سوسن شاكر(٢٠١٤)، الاختبارات النفسية، ط٢، دارالصفاءللنشروالتوزيع، عمان-الاردن.
- الموسوى، سالم عبدالله، و رعد محمود نصيف(٢٠١٦)، بناء برنامج تدريبي لتعليم مهارات التفكير عند الطلبة - المعلمين واثره في التفكير المحوري لتلامذتهم، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والإلاسانية / جامعة بابل، عدد(٣٠)،كانون اول/٢٠١٦.
- الموسوي، سالم عبدالله، و رعدمحمودنصيف، و ابتسام جعفرجواد الخفاجي(٢٠١٦)، بناء برنامج تدريبي لتعليم مهارات التفكير عندالطلبة-المعلمين واثره في التفكير المحوري لتلامذتهم، مجلة كلية التربية والانسانية/ جامعة بابل،العدد(٣٠)، كانون أول(٢٠١٦م).
- الدوري، عبدالعزيز(١٩٦٠)، بحث في نشأت التاريخ عندالعرب، المطبعة الكاثوليكية-بيروت.
- نزال، حيدر خزعل و اخرون(٢٠١٥)، نماذج واستراتجيات في تدريس التاريخ مفهومها - خطواتها، ط١، مطبعة حيدرالعصامي، بغداد، العراق.
- نوفل، محمد بكر. (٢٠٠٨)، تطبيقات عملية في تنمية التفكير بأستخدام عادات العقل، ط١، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان- الاردن.

# أثر استراتيجية ترشيح الافكار في تنمية مهارات التفكير المحوري لدى طلاب الصف الثامن الاساسي في مادة التاريخ

د. ئەژى حمه قاضي
قسم العلوم الاجتماعية-كلية التربية الاساسية- جامعة السليمانية(السليمانية)-اقليم كردستان/العراق

ملخص الدراسة

يهدف هذه البحث معرفة (أثر استراتيجية ترشيح الافكار في تنمية مهارات التفكير المحوري لدى طلاب الصف الثامن الاساسي في مادة التاريخ). منهج البحث هو المنهج التجريبي من خلال أخذ مجموعتين من الطلاب يتكون مجتمع الدراسة من طلبة الصف الثامن الاساسي لسنة الدراسية (٢٠٢٣-٢٠٢٤)م.

تم الاخذ العينة بشكل القصدي في جمعية (مارغريت) التربوية في مركز المحافظة السليمانية والتي تتكون من(٣٠) طالبا. بعد اجراء تكافؤ عشوائيا تم اختيار الصف(أ) المجموعة الظابطة و الصف(ب) المجموعة التجربية. لتحقيق هدف الدراسة تم إعداد مقياس لتنمية مهارات التفكير المحوري والذي يتكون من(٤٠)فقرة، تم ايجاد صدق الضاهرى عن طريق عرض المقياس على خبراء في مجالات طرق التدريس وعلم النفس والتاريخ. ومن ثم تم العثور على صدق البناء. وتم العثور على ثبات بواسطة معامل(ألفا كرونباخ) الإحصائي وهو(٠.٨٩) ومن ثم تم العثور على القوة التمييزية للفقرات وتبين أن جميع الفقرات لديها القدرة التمييزية. وبعد تطبيق المقياس على المجموعتين في الاختبارين القبلي والبعدي وبعد استخدام البرنامج الاحصائي(SPSS) تبين:

١- هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (٠.٠٥) مابين المتوسط الحسابي المجموعة التجريبية و المجموعة الضابطة لصالح المجموعة التجربية في الاختبار البعدي.

٢- هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (٠.٠٥) مابين المتوسط الحسابي الاختبار القبلي و البعدي في المجموعة التجريبية لصالح الاختبار البعدي.

٣-ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية مابين المتوسط الحسابي الاختبار القبلي و البعدي في المجموعة الضابطة.

وفي نهاية الدراسة تبين أن استراتيجية ترشيح الأفكار فعالة ومن أهم الاستراتيجيات، ولذلك نوصي استخدام هذه الاستراتجية من قبل معلمي التاريخ، وخاصة معلمي الصف الثامن الاساسي.

بالإضافة إلى ذلك نقترح ضرورة استخدام هذه الإستراتيجية بطرق مختلفة ولمراحل التعليم الأخرى من قبل الباحثين.

الكلمات المفتاحية:(استراتيجية ترشيح الأفكار- مهارات التفكير المحوري- التاريخ)